کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 30-10-2007 23:05

**کاک کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی... سەلامەتییە.. ! فەخرەدین تاهیر**

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە ماسمێدیای کورد و بیانی هەواڵی نەشتەرگەرییێکی سەرکەوتووی ڕێزدار جەنابی کاک کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سکرتێری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان پێگەیشت، کە بەڕاستی جێگەی دڵخۆشی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی بوو.
من بەشبەحاڵی خۆم وەک نووسەر و ڕۆژنامەنووسێک سەرکەوتنی ئەو نەشتەرگەرییەی کاک کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی بە زرووریتێکی مێژوویی دەزانم، چونکە ئەمڕۆ کوردستان لە هەموو کاتێک زێدەتر پێویستی بە پیاوێکی بەئەمەکدار و ئازای وەک جەنابی (کاک کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) ی بەڕێزە،
ئومێدەوارم بەڕێزیان بەزووترین کات بگاتەوە نێو خاکی باشووری کوردستان و هەر کاتێ بگەڕێتەوە نێو خاکی بابوباپیران لەو باوەڕەدام کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە پێشوازییێکی گەرم و گوڕی بەڕێزیاندا دەبن و لە خوای مەزن داواکارم تەمەن درێژبن و لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستی و سوپاسمدا.
هەولێر 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.